مەسرور بارزانی: هەنگاوی پێویستمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ناوە



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئایدگەیەنێت، هەنگاوی پێویستمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ناوە و دەشڵێت: "پارە و داهات هەمووی لەدەست من نییە و هەموو مانگێک بۆ مووچە دەبێت شەڕ بکەم."

مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە گۆڕانی کێشوهەوا و وشکەساڵی لە هەولێر لە وتارێکدا ئاماژەی پێدا، "ئێگەر کێچ لە عێراق دەستپێبکات بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوا لەرشەوە بەرەو ئەوروپا دەستپێدەکات.. کێچکردن کێشەی ئەمنی و ئابووری بەدوای خۆیدا دێنێت".

وتیشی، "بەهۆی وشکەساڵییەوە لە هێندێک شوێن گۆڕانی دیمۆگرافی ڕوویداوە و ئێگەر چارەسەری وشکەساڵی نەکرێت دەبێتە مەترسی و هەنگاوی پێویستمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ناوە و ئەوەی لەسەر ئەم پێویستە لە هەرێمی کوردستان دەیکەین."

جەختیشی کردەوە، لەسەر دەستکەوت و حکومەتە کار لەسەر ئەو پرسە بکات، ئەمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمکە دەستمان بۆ هەنگاوە کردووە، هاوشێوەی دروستکردنی پێند و بەنداو، بووژانەوەی

دارستانەکان و بەکارهێنانی گازی بۆفیۆدراو بەکارهێنانی بۆ وزە لێبڕی ئاوی ژینگە پیس بکات.

ئاماژەی بە ئەوەشکرد، دەتوانین کاری زیاتر بکەین، بەڵام ئەو ئیمکانیاتی لێبردەستمانە ئەوەندەبووە، بۆیە ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە کە وەبەرهێنان لەو بوارەدا بکات و کوردستان ژینگەیەکی گونجاوی هەیە، کە دەست بکرێت بە هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ژینگە.

سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران وتی، ""پارە و داهات هەمووی لەدەست من نییە و هەموو مانگێک بە مووچە دەبێت شتە بکەم".

مەسرور بارزانی وتیشی، "چاوەڕێی بەغداین بە ناردنی مووچەی مانگی چوار و هەموو پابەندییەکانی خەمانمان جێبەجێ کردووە".